www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:47 26-10-2006

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## چەند قەشەیەکی سویدی داوا لە کەنیسەکاکانیان دەکەن ئەنفال بە جینۆساید بناسێنرێت

دوای ئەوەی ناوەندەکەمان لەولاتی سوید هەلسا بە سازدانی کەمپینەک بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید، ئاسۆ بیارەیی ئەندامی چالاکی چاک و ئەم کەمپینە، جگە لەوەی لە زانکۆی خێڤدە لەسوێد ئەم یاداشتنامەیەی چاکی بۆ کۆمەلێکی زۆر لە خوێندکار و مامۆستای زانکۆ لە دکتۆر و پرۆفیسۆر ناردوە، لەتەک ئەمەشدا داوای لە یەکێک لە قەشە ناودارەکانی سوید (کە ناوی بریتا بۆلمانێس لە شاری تیبرۆ) کردوە کە پشتگیری لەم کەمپینە بکات. دوای خوێندنەوەی یاداشتەکە زۆر هاوسۆز بووە لە گەلْ کێشەی گەلی کورد دا، بۆیە بڕیاری داوە خۆی و هاورێکانی پشتگیری لەم کەمپینە بکەن و ئەم یاداشتنامەیەش بنێرن بۆ زۆربەی کەنیسەکانی سوید تا ئەوانیش لای خۆیان ئیمزای بکەن. هەروەها هەمان قەشە بڕیاری داوە لە ڕێکەوتی2006/11/19 ماوەی 30 خولەک لە کاتی خۆی بدات بە ئاسۆ بیارەیی بۆ باسکردنی مەسەلەی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆساید.

شایەنی باسە تائێستا چەندین کەسایەتی سویدی و کوردی ئەم بانگەوازەی ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆساید، ئیمزا کردوە کە لە نێویاندا ئەندامی پەرلەمان و ڕۆژنامەنوس، مامۆستای زانکۆ و زۆر کەسایەتی دیاری کوردی تیایە کە لە ولاتی سوید ڕۆلیان هەیە لە نێو دامو دەزگاکاندا.

ناوەندی چاک /سوید